# لەو دیو پە نجەرەوە ... پشیلەیەك

قوبادی جەلی زادە



قوبادی جەلی زادە .... شەوباش

تەماشاکە ، سوپای سپی چ زوو ،

گەمارۆی شارەکانی داو

سەری بە دارستانەکان شۆڕ کرد !

لە باخچە خنجیلانەکەتدا ، کوا پنتێك رەشایی

تا دڵە لەگۆچووەکەمی تیادا ،

تاوێ هەڵکورمێ !

لەو هەڵمە ئاگرینە ، چلێکم بدەرێ ،

کە مینای عەینەك و مینای پەنجەرەکانی

تەڵخ کردووە !

رێمدە تا میاوە میاوی بە شەختە بووم ،

لەبەر ئاوێنەی ئەو پشکۆیانە هەڵبخەم

کە لە نێو چاوی ئاگردانێ ،

بە ساقۆی خۆڵەمێشی و پوزەوانەی ئاڵەوە

خەو دەیانباتەوە !

قوبادی جەلی زادە ی دۆستم:

پێنج شەوە لەبەر پشمینی چۆڵەکە ،

درەختێك خەوی لێ نەکەوتووە.

مانگ ، تریفەی ئاخنیوەتە کونە گوێی

تا چیر ،

کۆکە کۆکی هەساران ، هەراسانی نەکەن .

دارتێلە لاق شکاوەکان ، بۆ چرای گۆچانێک دەگەڕێن

بیانباتەوە شەقامەکانی رووناکی .

قوبادی جەلی زادە ی  هاوڕێم..

قوژبنێکی ژێرزەمینە شێدارەکەتم بدەیە ،

تا تیایدا سەرخەوێک بشکێنم ،

خەوی سەر سیسەمی ئاوریشمینیش ، بۆتۆ .

بۆ منداڵە کلک تەزیوەکانم ، کارتۆنێکی شەق و پەقم پێ ببەخشە ،

سندووقە پۆشتەکانی هەڵبژاردنیش بۆ تۆ !

لە جامولکەیەکی ژەنگندا ، بۆ من ،

دوو ملاک شیری ووشک .

گوانی تەڕی هەموو مەڕە خرپنەکانی هەولێریش بۆتۆ !

رێم دە با دوور لە تیرە بارانی باران و تفی بەفر ،

لە پاڵ ژنە چڵکنەکەمدا ، بنووم ...

ژنە بۆنخۆشەکانی شەقامی ئۆرزدی و

حەمامی نمرەش ، بۆتۆ !

تەماشاکە قوباد ... ،

چ دکتاتۆرێکی دڵرەشە  بەفر

ژورناڵی هەموو رەنگەکانی داخست و

قڵچەی هەموو هونەرمەندەکانی سپی کرد !

دەستی بۆ شەرەفی ، گوڵە باخە چارشێو بەسەرەکان درێژ کردوو

رووت رووتی کردنەوە .

قوڵرووت

سینگرووت

قاچرووت

قرووت !

سەیرکەچۆن بە دەستێک داوێنی خۆیان داپۆشیوەو

بە دەستێک مەمکە لەرزیوەکانیان !

بە تای ئەوەڵکراسێکی کورت کورتی سپییەوە ،

لە نێو رەهێڵەی شەرمدا ، هەڵدەلەرزن .

تەماشاکە بەفر چۆن ،

بە تەنیاییمان دەوەرِێ .

چلۆن ، زیندانەکانی پرِ کردوە لە رێکخستنەکانی پەلکە زێرِینە .

لە لایەنگرانی رەنگاڵە

لە هەوادارانی پەپوولە .

من نە حیزبێکم هەیە داڵدەم بدات .

نە دیوەخانێک گەرم کاتەوە .

نە سەندیکایەک، ئیسکە گۆشتێکم بداتێ !!

قوبادی جەلی زادەی برام :

شەو شاد .